# بەرگدرووە بچووکەکە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

ئاراس

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# بەرگدرووە بچووکەکە

وەرگێڕانی:

ئەمیر حاجی داود

ناوی کتێب: بەرگدرووە بچووکەکە
وەرگێڕانی: ئەمیر حاجی داود
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە ٥٣٢
سەرپەرشتی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

دەگێڕنەوە دەڵێن بەرگدرووێکی بچووك هەبوو، زۆر بەڕێکوپێکی کاری دەکرد بۆ ئەوەی ئیشەکانی بەچاکی بەڕێوە ببات. ئیشەکانی بەردەستی زوو تەواو دەکرد بەتایبەت ئەوانەی داوایان لەسەر بوو.

ڕۆژێکیان قاپە مرەبایەکی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ئەوەی لەکاتی ئیشکردنی بیخوات، هەر جاری کەمێکی لێ دەخوارد تاوەکو ئیشەکانی بەردەستی تەواو دەکرد.

مێروولە هەستیان کرد مرەبا هەیە بۆیە لە پەنجەرە کراوەکە هاتنە ژوور. هاتن لە دەوری مرەبایەکە کۆبوونەوە، بەرگدرووە بچووکەکە کە مێروولەکانی بینی بەیەك لێدان حەوت مێروولەی کوشت.

بەرگدرووەکە دوای ئەم ڕووداوە هەستی بەگەورەیی کرد. لەسەر قایشی کەمەری نووسی (بەیەك لێدان حەوت) پاش ئەو کارەی بڕیاری دا بچێت لە دونیادا بگەڕێت.



بەرلەوەی بڕوات، بەرگدرووە بچووکەکە بیری لەوە کردەوە پارچەیەك پەنیر لە گیرفانی خۆی دابنێ تا ئەوکاتەی برسی بێت بیخوات. لە ڕێگادا چۆلەکەیەکی بینی لە دارێك ئالاّ بوو، بەرەو پیری چۆلەکەکە چوو ڕزگاری کرد و لەناو گیرفانی خۆی دانا.

پاش کەمێك، بەرگدرووەکە تووشی پیاوێکی زەبەلاح بوو، پیاوە زەبەلاحەکە کە بەرگدرووە بچووکەکەی بینی گاڵتەی بە کورتییەکەی هات، بەرگدرووەکەش پێی گوت سەیری قایشی کەمەرەکەم بکە. پیاوە زەبەلاحەکە سەری سوڕما لە بەهێزی ئەو پیاوە بچووکە، نەی دەزانی ئەوە تەنها مەبەستی مێروولەیە، ئینجا پیاوە زەبەلاحەکە بەردێکی دەست دایێ و گوتی: ئێستا دەبینین بزانە کامان بەهێزترین، پیاوە زەبەلاحەکە بەردەکەی لە دەستی کوشی هەتا پارچە پارچە بوو، لەو کاتە بەرگدرووە بچووکەکە پارچە پەنیرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا بەهەمان شێوەی پیاوە زەبەلاحەکە پارچە پارچەی کرد، پیاوە زەبەلاحەکە ئاگاداری فێڵی بەرگدرووە بچووکەکە نەبوو.





سەیری پێ هات چۆن ئەو پیاوە بچووکە ئەو هەموو هێزەی هەیە، لەهەمان کاتیشدا بڕوای نەکرد، ئەمجارە دەستی دایە بەردێك هەتا هێزی تێدابوو فڕێی دا. ڕووی لە بەرگدرووەکە کرد و گوتی: بڕوا ناکەم بتوانی وەك من هەڵی بدەیت!

بەرگدرووەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: چاوەڕوان بە، دەبینی! چۆلەکەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، وەك چۆن بەردێك هەڵدەدات فڕێی دا، بێ گومان چۆلەکەکە لە چاوان ون بوو، پیاوە زەبەلاحەکە وای زانی بەردە، سەری سوڕما کە بینی نەهاتە خوارێ.





زەبەلاحەکە خەریکی دار هەڵکەندن بوو بەڕەگەوە، گوتی: مادام تۆ وا بەهـێزی، یارمەتیم بدە بۆ گواستنەوەی ئەم دارە بۆ ئەو ئەشـکەوتەکەی کە تێدا دەژیم! بەرگـدرووەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: تۆ ئەو دارە هەڵبگرە لە ڕەگەوە، مـنیش گەڵاکـانی لە دواوە هـەڵدەگرم! پیاوە زەبەلاحەکە گوتی: ڕازیم.



ئینجا دەستی دایە دارەکـە، بەهەمـوو هێزی هەڵی گرت بەڵام نەی دەزانی بەرگـدرووە بچـووکەکە لەناو گەڵاکانی لێی پاڵکەوتووە لە جـێگای ئەوەی یـارمەتی بـدات و دارەکەی لەگەڵ هـەڵبگری.
لەم کاتە پیاوە زەبەلاحەکە دەیگوت: چەند گرانە... چەند گرانە!!



زەبەلاحەکە دوای ماندوو بوونێکی زۆر گەیشتە ئەشکەوتەکەی، بەخێرهاتنی بەرگدرووەکەی کرد، شوێنێکی پێ نیشان دا بۆ حەسانەوەی، بەڵام بەرگدرووە بچووکەکە بڕوای بە پیاوە زەبەلاحەکە نەکرد، بۆیە لەو شوێنەی زەبەلاحەکە بۆی دانا بوو نەخەوت، هەستا چووە دەرەوە لە شوێنێك لەبەردەم ئەشکەوتەکە بۆ خۆی حەسایەوە. لەم کاتەدا زەبەلاحەکە دارێکی گەورەی وەشاندە ئەو شوێنەی کە بۆ بەرگدرووە بچووکەکەی دانابوو تێدا بحەسێتەوە، وای دەزانی بەرگدرووەکە لەوێ نووستییە، ئەوەندە بەهێزی لە شوێنەکە دا ئەشکەوتەکەی بەسەر خۆیدا ڕووخاند.



بەرگدرووەکە لە دەرەوە سەیری ڕووخانی ئەشکەوتەکەی دەکرد، ئەو هەواڵە بەپەلە گەیشتە پاشا، پاشا ناردیە دوای بەرگدرووەکە.

پاشا گوتی: شتێك هەیە پێم خۆشە پێتی ڕابگەیەنم، دوو پیاوی زەبەلاح هەیە لە چوار دەوری مەملەکەتەکەم، دەمەوێت لە دەست ئەوانە ڕزگارمان بکەیت، ئەگەر ئەم کارەم بۆ بکەی وات لێ دەکەم ببیتە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند!



بەرگدرووە بچووکەکە ڕازی بــوو و ڕۆیشــت گەڕا بەدوای دوو زەبەلاحەکە، دوای کەمێك لەژێر دارێك پیاوەکانی دۆزیەوە، گیرفانی خۆی پڕ کرد لە بەرد و سەرکەوتە سەر دارەکە، خــۆی لەنــاو گەڵای دارەکە شــاردەوە، بەردێکی لە یەکێك لە پیاوەکان گــرت، پیاوەکــە بەئاگا هات و گوتیە هــاوڕێیەکەی ئەوە بۆ بەردم تێ دەگری، ئەوی تر وەڵامی دایەوە و گوتی: چی؟ من شتی وام نەکردووە! پاش کەمێك بەرگدرووەکە وەســتا، ئینجا بەردێکی تری لە زەبەلاحەکەی تر گرت.





زەبەلاحی دووەم: گـوتییە هاورێیەکەی ئەوە چییە، بۆ بەرد لەمـن دەگـری، ئەوەی یەکەم گوتی: هەرگیز، بۆ شێت بووی!

بەرگدرووەکە بەردەوام بوو لەسـەر یارییەکـەی خۆی، هەتا دوو زەبەلاحەکە بووە شـەڕیان، شـەڕەکە گـەرم بوو زۆریـان لێکدا هەتـاوەکو هـەردووکیان هـیلاك بـوون هـیچ کـامیان سەرنەکەوتن، هەردووکیان کەوتن و خەویان لێ کەوت سەریان بەسەری یەکتر کرد.

کاتێ سەربازی پاشا گەیشتن سەریان سـووڕما لەو دیمەنەی، بینییان بەرگدرووە بچووکەکە قاچی لەسەر سەری هەردوو زەبەلاحەکە داناوە، گەڕانەوە لای پاشا.





پاشا دووباره بەرگدرووە بچووکەکەی بانـگ کرد بۆ ئەوەی فەرمانێکی تری پێ ڕابگەیەنێ، گوتی: ئەسپێکی یەك قـۆچ هەیە لەناو دارسـتانەکەمان، کەس ناوێرێ نزیکی ئەم دارستانە بکەوێت. زۆر لە پاسەوانەکانمی بریندار کـردووە، پێم خۆشە بۆمی بگـری و بیهێنیتە ئێرە، ئەگەر ئەو فەرمانەم بۆ جێبەجێ بکەیت کـچەکـەی خـۆمت لێ مارە دەکەم. بەرگدرووەکە بەرەو دارسـتانەکە ڕۆیشت لەگەڵ خۆی گوریسێك و تەورێکی برد، پاشان چەند ساتێك گەڕا خۆی لە بەردەم ئەسپە یەك قۆچەکە دۆزییەوە، لە نزیك دارێك وەستا لەو کاتەدا ئەسپە یەك قۆچەکە هێرشی بۆ هێنا، لە هەنگاوێك بەرگدرووەکە خۆی هەڵدا بۆ لایەك، ئەسپەکە خۆی پێ نەگیراوە یەکسەر قۆچـی لە دارەکـە چـەقی، ئینجا بەرگدرووەکە بەتەورەکەی لە قۆچی ئەسپەکەی دا، قۆچـەکەی شـکاند، ئینجا گـوریسەکەی لەملی ئەسـپەکە بەستەوە و بەرەو کۆشکی پاشا گەڕایەوە.





پاشا که ئەو دیمەنەی بینی بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێنا، ئینجا بەرگدرووەکە بووە پیاوێکی دەوڵەمەند و مێردی کچە جوانەکەی پاشا، پاش چەند ساڵێك پاشا پیر بوو، وازی لە پاشایەتی هێنا شوێنی خۆی بۆ زاواکەی بەجێ هێشت، بەرگدرووەکە بووە پاشایەکی زۆر باش، خەڵك زۆر خۆشیان دەویست.

ماوەیەکی زۆر لە پاشایەتی مایەوە پاشان منداڵەکانی جێگای ئەویان گرتەوە.



# کۆتایی


زنجیرە کتێبی
1
چیرۆکە ئەمرەکان
بەرگدرووە بچووکەکە
وەرگێڕانی : ئەمیر حاجی داود


زنجیرە کتێبی
2
چیمەن کاوێس
ئەسپە باڵدارەکە
وێنەکێش : ئاریان سەرسام


زنجیرە کتێبی
3
و: ئەمیر حاجی داود
بەرگدرووی کۆشک
وێنە بەدەستکاری : عادل زرار


زنجیرە کتێبی
5
مەغدید رەواندزی
خۆشەویستیی نیشتمان
وێنەکێش : شێروان موحسین


4
ئیبراهیم ئەمین باڵدار
سەیران
وێنەکێش : شێروان موحسین


زنجیرە کتێبی
6
و: ئەمین گەردیلانی
یەککرتن
وێنەکێش : شێروان موحسین


زنجیرە کتێبی
7
و: دلاوەر قەرەداغی
شێر و کوڕە بچکۆلە
وێنەکێش : دلشاد عەلی